# وانەی ٨٦: عیسا سەردەکەوێتە ئاسمان

مەتا ٢٨، لۆقا ٢٤، کرداری نێردراوان ١

ماوەیەکی درێژە سەرنجی ئینجیلی پیرۆز دەدەین، ئەو پەرتوکەی چیرۆکی ڕزگاری دەری بالادەست عیسای مەسیح لەخۆ دەگرێ. وەك تائێستا بینیمان، عیسا بە مانای (*خودا ڕزگار دەکات*) دێت. مەسیح ووشەیەکە بە مانای (*ئەوەی خودا دەست نیشانی کرد*) دێت. عیسای مەسیح ئەو کەسەیە کە خودا دەست نیشانی کرد بۆ ئەوەی نەوەکانی ئادەم ڕزگار بکات لە دەسەلاتی گوناه.

بەلام، بینیمان زۆربەی خەلکی نەیانزانی عیسا کێیە لە ڕاستیدا. هەندێك بە پێغەمبەر دایان نا، بەلام تێ نەگەیشتن لەوەی ئەو خودی ووشەی خودایە کەوا لە ئاسمانەوە هات و لە زەویدا وەك پیاو بەدەرکەوت. هەندێکی تر، وەك کاهینانی بالا و ڕابەرەکانی جولەکە، زۆر حەسودیان پێ دەبرد و لە کۆتاییدا کوشتیان بە لە خاچ دانی. بەلام خودا پلانی دانا و پێش وەخت دەیزانی ئەم ڕووداوانەی ڕوو دەدەن. مردنی مەسیح لەسەر خاچەکە زۆر گونجا بوو لەگەل ئەو پلانەی خودا ڕایەگەیاند زۆر لەوە پێش لە ڕێگای پێغەمبەرەکانیەوە. لە بەرنامەی ڕابردووماندا، بینیمان کە خودا عیسای هەلساندەوە بۆ ژیان لە ڕۆژی سێیەم. هەلسانەوەی عیسا سەلماندی کە خودا ئەو خوێنەی قەبول کرد کە عیسا ڕشتی وەك سزایەکی تەواو بۆ ئەوەی نەوەکانی ئادەم ڕزگار بکات لە هێزی گوناه و ترسی مردن و سزای دۆزەخ.

لەپاش ئەوەی عیسا هاتەوە ژیان، بینیمان کە بەدەرکەوت بۆ قوتابییەکانی و برینەکانی پێ نیشان دان کەوا سەربازەکان بزماریان لە دەست و پێی چەقاندبوو. و هەروەها خوێندمانەوە کە عیسا نانی خوارد لەگەل قوتابییەکانی بۆ ئەوەی بۆیان بسەلمێنی کەوا بە ڕاستی زیندووە. پەرتوکی ئینجیل بۆمان دەگێڕێتەوە چۆن عیسا بۆ ماوەی چل ڕۆژ بەدەرکەوت بۆ قوتابییەکانی و قسەی لەگەلیان کرد سەبارەت بە شانشینی خودا. لە بۆنەیەکدا، عیسا بۆ زیاتر لە پێنج سەد لە دواکەوتەکانی لە هەمان کات بەدەر کەوت.

(١ کۆرنسۆس ١٥: ٦) بەلام ئێستا مەزنترین بەلگە کە عیسا لە ژیاندایە ئەوەیە کە ئەو (بە ڕۆحی پیرۆزی) لە دلی ئەو کەسانە دەژی کە باوەڕیان پێی هەیە و مل کەچی دەسەلاتی ئەون.

بەیارمەتی خودا لە وانەی ئەمڕۆ ئەو دەسەلاتە مەزنە دەبین کە خودا دای بە پەروەردگار عیسا و دەبینین چۆن عیسا جیابووەوە لە قوتابییەکانی و سەرکەوتە سەرەوە بۆ ئاسمان. ئەمڕۆ دیراسەتمان لە دوایەمین بەشی ئینجیلی مەتا دەست پێ دەکەین. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (مەتا ٢٨) [16] ئیتر یازدە قوتابییەکە چوونە جەلیل، بۆ ئەو کێوەی عیسا فەرمانی پێدابوون. [17] کاتێ بینییان کڕنۆشیان بۆ برد، بەلام هەندێکیان گومانیان کرد. [18] عیسا لێیان نزیکبۆوە و قسەی بۆ کردن: (هەموو دەسەلاتێکم لە ئاسمان و لەسەر زەوی دراوەتێ. [19] کەواتە بڕۆن، هەموو نەتەوەکان بکەنە قوتابی، بە ناوی باوک و کوڕ و ڕۆحی پیرۆز لەئاویانهەلبکێشن، [20] فێریان بکەن هەموو ئەوەی فەرمانم پێ کردوون بیپارێزن. ئەوەتا من هەموو ڕۆژێک لەگەلتانم، تاکو کۆتایی ڕۆژگار.)

خوێندت عیسا چی بە قوتابییەکانی فەرموو؟ پێی فەرموون، (هەموو دەسەلاتێکم لەئاسمان و لەسەر زەوی دراوەتێ. کەواتە بڕۆن، هەموو نەتەوەکان بکەنە قوتابی.) بۆچی عیسا فەرمووی هەموو دەسەلاتێکی هەیە لە ئاسمان و لەسەر زەوی؟

لە دیراسەتمان لە تەوراتی موسا بینیمان چۆن خودا یەکەم مرۆڤ ئادەمی بەدی هێنا و زانیمان کە خودا دەسەلاتی دا بە ئادەم فەرمان ڕەوایی بکات بەسەر هەموو شتێك کە خودا درووستی کردووە. خودا ویستی ئادەم لەگەلی بژێت و فەرمان ڕەوایی بکات لەگەلی تاهەتا. بەلام ئادەم ساختەی کرد لەو دەسەلاتە لەو ڕۆژەی فەرمانی خودای شکاند و لە داری زانینی چاکە و خراپەی خوارد. لەبەر ئەوەی ئادەم باپیرە گەورەمانە، (دەرد و بەلا هەموو کەس دەگرێتەوە!) ئێمەش ئەو ئیمتیازەمان (دەسەلاتەمان) لەدەست دا لە ژیان و فەرمان ڕەوایی کردن لەگەل خودا. وەك ئادەم، هەموومان گوناهبارین، و بۆ ناو شانشینی گوناه لەدایك بووین دوور لە خودا و

شکۆمەندی پایەبەرزی.

بەڵام ستایشی خودا دەکەین، لەبەر ئەوەی نووسراوەکانی پێغەمبەران پێمان نیشان دەدەن کە خودا پلانێکی داڕشت بۆ ئەوەی دەرگایەك بکاتەوە بۆ نەوەکانی ئادەم کە بتوانن لەو دەرگایەوە بگەڕێنەوە لای خودا و بەشێکیان هەبێت لە شکۆمەندی و شانشینی. ئەو (دەرگایە) مەسیحی پیرۆزە کەوا لە ئاسمانەوە هات بۆ ئەوەی خوێنی خۆی بڕێژێ وەك قوربانی کە خەڵك لە گوناه پاك بکاتەوە و بۆ لای خودا بیانهێنێ. عیسای مەسیح وەك ئادەم تاقی کرایەوە، بەڵام عیسا گوناهی ئەنجام نەدا چونکە تەواو و پیرۆز بوو، وەك چۆن خودا تەواو پیرۆزە. ئەوە هۆی ئەوە بوو کە خودا پێی شەرم نەبوو بە عیسا بڵێ کوڕی خۆی. بۆیە لەپاش ئەوەی عیسا ژیانی خۆی بەخشی وەك قوربانی کەوا گوناه لادەبات، خودا لە مردن هەڵیساندەوە و کردی بە پەروەردگاری هەمووان و **هەموو دەسەڵاتێک لە ئاسمان و لەسەر زەوی.** پێ سپارد.

ڕەنگە تۆ بپرسی: (ئەگەر عیسا پەروەردگاری هەموو شتێکە، بۆچی هێشتا جیهانمان پڕە لە کێشە و گوناه؟) نووسراوی پیرۆز وەڵاممان دەداتەوە کاتێ دەفەرموێ: **هەروەها چۆن هەموو لە ئادەمدا دەمرن، بە هەمان شێوە هەموو لە مەسیحدا زیندوو دەکرێنەوە. بەڵام هەر یەکە بە نۆرەی خۆی: یەکەم جار مەسیح وەک نۆبەرە، ئینجا لە کاتی هاتنی، ئەوانەی سەر بە مەسیحن، دوای ئەمە کۆتایی دێت، کاتێ پاشایەتییەکە دەداتە خودای باوک، پاش ئەوەی هەموو سەرکردایەتی و دەسەڵات و هێزێکی لەناوبرد.** (١ کۆرنسۆس ١٥: ٢٢–٢٤) **ئەویش هەموو فرمێسکێکی چاویان دەسڕێتەوە، ئیتر مردن نابێت، شیوەن و هاوار و ئازار نامێنن، چونکە شتەکانی پێشوو بەسەرچوون.** (**ئاشکراکردن** ٢١: ٤)

لەو ئایەتانە و لە زۆرێکی تری ئایەتەکانی ووشەی خودا، فێردەبین کە خودا هەموو دەسەڵاتێکی بە عیسا سپاردووە تاکو ببێتە بەرپرسی هەموو شتێك و دادوەری هەمووان بکات. بەڵام، هێشتا نەبۆتە بەرپرسی هەموو شتێك و دادوەری خەڵکی جیهانیشی نەکردووە. ڕۆژێك عیسا دەگەڕێتەوە سەر زەوی. کاتێ دەگەڕێتەوە دەبێتە بەرپرسی ئەم جیهانە و هەموو شتێك دووبارە نوێ دەکاتەوە.

بۆیە، هەر کێی ولە هەر جێگایەکی، خودا فەرمانت پێ دەدات تۆبە بکەیت لە گوناهەکانت و ڕوو لەو بکەی و باوەڕ بە مزگێنی خۆشی ڕزگار بوون بێنیت لەسەر بنەمای مردن و هەڵسانەوەی پەروەردگار عیسای مەسیح. ئەگەر بەڕاستی باوەڕ بێنی، خودا لە هەموو گوناهەکانت خۆش دەبێت بە ناوی عیسا و دڵت نوێ دەکاتەوە بە هێزی ڕۆحی پیرۆز، و ئاشتیت لەگەڵ خودا دەداتێ تاهەتا. ئەگەر باوەڕ بە مەسیح بێنیت، ئەوا دێتە لات بە ڕۆحی پیرۆزی و شانشینی خۆی لەناو دڵت دادمەزرێنێ. عیسای مەسیح جیهان ناگۆڕی هەتا خۆی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دادوەری بکات. بەڵام دەتوانێ تۆ بگۆڕێ ئەمڕۆ! ئایا ڕێگای پێ دەدەی شانشینی خۆی دابمەزرێنێ لەناو دڵت؟

خودا ڕزگاری دەرێکی ناردووە کە دەتوانێ گوناهەکانت لاببات و دڵێکت بداتێ کە نوێ و پاك بێت. دەکرێ دڵنیا بی لەوەی تاهەتا لەگەڵ خودا دەبی لە شکۆی بەهەشت ئەگەر باوەڕ بەڕاستی بێنی دەربارەی عیسای مەسیح، ڕزگاری دەری جیهان! بەڵام، ئەگەر ئەو ڕزگاری دەرەی خودا ناردوویەتی پشت گوێ بخەی، ئەوا لە کۆتاییدا دەبێت بە دادوەرت! ئەمە ئەوەیە کە نووسراوی پیرۆز باسی لێ دەکات کاتێ دەفەرموێ: **لە کاتی ئاشکراکردنی عیسای خوداوەند لە ئاسمان لەگەڵ فریشتەکانی تواناکەی لە ئاگرێکی گڕدار. سزای ئەوانە دەدات کە خودا ناناسن و گوێڕایەڵی ئینجیلی عیسای خوداوەندمان نابن، ئەوانە بە لەناوچوونی تاهەتایی سزا دەدرێن، دوور لە ئامادەگی خوداوەند و شکۆی تواناکەی، کاتێ لەو ڕۆژەدا دێتەوە، تاکو لە پیرۆزکراوانی شکۆدار بێت و ببێتە سەرسامی لەنێو هەموو ئەوانەی باوەڕیان‌هێناوە!** (٢ سالۆنیکی ١: ٧–١٠)

ووشەی خودا ڕوونە. پێمان دەڵێت هەرکەسێك بەڕاستی باوەڕ بێنێت بە مزگێنی خۆش دەربارەی مردنی عیسای مەسیح لەسەر

خاچەکە و هەڵسانەوەی لە مردن ڕزگاری دەبێت! بەڵام، ئەوەی باوەڕ نەهێنێ پێی حوکم دەدرێ! عیسا خوێنی خۆی وەك قوربانی ڕشت کەوا دەتوانێ قەردی گوناهت بسڕێتەوە تاهەتا. بەڵام ئەو خوێنەی عیسا ڕشتی بۆ تۆ هیچ بەهای نابێ بۆ تۆ ئەگەر باوەڕی پێ نەکەی لە دڵتەوە. لەبەر ئەوەی نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: چونکە خودا بەم جۆرە جیهانی خۆشویست، تەنانەت کوڕە تاقانەکەی بەختکرد، تاکو هەر کەسێک باوەڕی پێ بهێنێت لەناو نەچێت، بەڵکو ژیانی تاهەتایی هەبێت... ئەوەی باوەڕ ناهێنێ ئەوا حوکم دراوە، چونکە باوەڕی بە ناوی کوڕە تاقانەکەی خودا نەهێناوە. (یۆحەنا ٣: ١٦، ١٨)

بەڵێ، ئەگەر باوەڕ بێنی بە مزگێنی خۆشی عیسای مەسیح ڕزگارت دەبێت، بەڵام ئەگەر باوەڕی پێ نەهێنیت ئەوا لەناو دەچی لە گوناهەکانت. ئەوە ووشەی ڕزگار بوونە کەوا خودا ناردییە خوارەوە بۆ نەوەکانی ئادەم. لەبەر ئەوە عیسا فەرمانی بە قوتابییەکانی دا و فەرمووی: (هەموو دەسەڵاتێکم لە ئاسمان و لەسەر زەوی دراوەتێ. کەواتە بڕۆن، هەموو نەتەوەکان بکەنە قوتابی!) (مەتا ٢٨: ١٨، ١٩)

ئێستاش با بەردەوام بین لە چیرۆکەکە. عیسا بۆ ماوەی چل ڕۆژ بە دەرکەوت بۆ قوتابییەکانی لەپاش ئەوەی لە مردن هەڵسایەوە. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (کرداری نێردراوان ١) [٤] کاتێ (قوتابییەکان لەگەڵ عیسا) پێکەوە نانیان دەخوارد، ڕایسپاردن: (ئۆرشەلیم بەجێ مەهێڵن، بەڵکو چاوەڕێی بەڵێنەکەی باوک بکەن کە لە منەوە بیستتان. [٥] چونکە یەحیا خەڵکی لە ئاو هەڵدەکێشا، بەڵام ئێوە پاش چەند ڕۆژێکی کەم بە ڕۆحی پیرۆز باپتیز دەکرێن.)

[٦] ئەوانەی (قوتابییەکانی عیسا) پێکەوە کۆببوونەوە لێیان پرسی: (ئەی خوداوەند، لەم کاتەدا پاشایەتی بۆ ئیسرائیل دەگەڕێنیتەوە؟) [٧] وەڵامی دانەوە: (بۆتان نییە ئەو کات و سەردەمانە بزانن کە باوک بە دەسەڵاتی خۆی دایناون. [٨] بەڵام کاتێ ڕۆحی پیرۆزتان دێتە سەر هێز وەردەگرن، بۆ من دەبنە شایەت، لە ئۆرشەلیم و هەموو یەهودیا و سامیرە، تاکو ئەوپەڕی زەوی.)

[٩] ئەمەی فەرموو و ئەوانیش تەماشایان دەکرد، بەرزکرایەوە، هەورێک لەبەرچاویان شاردییەوە. [١٠] کاتێ ئەو دەڕۆیی، ئەوان سەرنجیان لە ئاسماندا بوو، ئەوەبوو دوو پیاو بە جلی سپییەوە لەلایانەوە ڕاوەستاون. [١١] پێیان وتن: (جەلیلییەکان، بۆچی ڕاوەستاون سەیری ئاسمان دەکەن؟ ئەم عیسایە، کە لەنێوانتاندا بۆ ئاسمان بەرزکرایەوە، چۆن بینیتان دەچووە ئاسمان، ئاواش دێتەوە.)

بەو شێوەیە عیسا سەرکەوتە ئاسمان و گەڕایەوە ماڵی باوکی ئەوەی لێی هاتبوو نزیکەی سی و سێ ساڵ لەوە پێش. ئای چەن پایەبەرزانە بوو کاتێ سەرکەوتە ئاسمان لە پێش چاوی کۆمەڵە قوتابییە بچووکەکەی! هیچ گومانێك نەبوو کە ئەم عیسایەی شوێنی کەوتن لەو سێ ساڵەی ڕابردوو بەڕاستی ئەو مەسیحەیە کە پێغەمبەران باسیان لێ کردبوو! لە لەدایك بوونی و ژیانی و مردنی و ناشتنی و هەڵسانەوەی و سەرکەوتنی، عیسای ناسیرە هەموو شتێکی جێ بە جێ کرد کەوا پێغەمبەران پێش بینیان کردبوو سەبارەت بەو، تەنانەت سەرکەوتنی بۆ ئاسمان وەك ئەوەی پێغەمبەر داود پێش بینی کرد لە زەبوورەکان بوو.

دەزانی ئەمڕۆ پەروەردگار عیسا لە کوێیە؟ نووسراوە پیرۆزەکان پێمان دەڵێت کە: بە هەڵستانەوەی عیسای مەسیح، ئەوەی بەرەو ئاسمان ڕۆیشت و لە دەستەڕاستی خودا دانیشت، فریشتە و دەسەڵاتدار و هێزەکان ملکەچن بۆی. (١ پەترۆس ٣: ٢١، ٢٢) بەڵێ، عیسا لە ئاسمانە، لە دەسە ڕاستی خودا. هەموو بەندە ڕاستەقینەکانی خودا مل کەچی پەروەردگار عیسای مەسیحن. ئەی تۆ؟ ئایا تۆش ملکەچی عیسای مەسیح بووی، ئەوەی لەلایەن خودا هەڵبژێردرا وەك ڕزگاری دەر و دادوەری جیهان؟

وەك ئەوە خوێندماوە، لەپاش ئەوەی پەروەردگار عیسا سەرکەوتەوە سەرەوە بۆ ئاسمان، دوو فریشتە بە دەرکەوتن بۆ قوتابییەکانی و پێیان فەرموون، (بۆچی ڕاوەستاون سەیری ئاسمان دەکەن؟ ئەم عیسایە، کە لەنێوانتاندا بۆ ئاسمان بەرزکرایەوە، چۆن بینیتان دەچووە ئاسمان، ئاواش دێتەوە.) بەڵێ، ڕۆژێك لە ڕۆژان عیسای مەسیح دێتەوە. ئایا ئامادەیی بۆ کاتی گەڕانەوەی؟ لەو ڕۆژەدا

هەموو کەس چاوەڕوانی دەبن، و هەموو کەس دەزانن کە ئەو ئەو کەسەیە خودا دەست نیشانی کرد وەك ڕزگاری دەر و دادوەری هەموو جیهان! نووسراوە پیرۆزەکان ئەوە ڕادەگەیێنێ کاتێ دەفەرموێ: (فیلیپی ٢) [٥]عیسای مەسیح... [٦]ئەوەی لە شێوەی خودایە، نەیویست یەکسانییەکەی لەگەڵ خودا بۆ خۆی بقۆزێتەوە، [٧]بەڵکو خۆی کردە هیچ، شێوەی بەندەی وەرگرت، وەک مرۆڤی لێهات، [٨]کە بە ڕوخساری مرۆڤ بینرا، خۆی نزم کردەوە و تاکو مردن ملکەچ بوو، تەنانەت مردنی سەر خاچ. [٩]بۆیە خودا زۆر بەرزی کردەوە و ناوێکی دایێ لە سەرووی هەموو ناوێک، [١٠]تاکو هەموو ئەژنۆیەک بۆ اوی عیسا چۆک دابدەن، لە ئاسمان و سەر زەوی و ژێر زەویش، [١١]هەروەها هەموو زمانێک دان بنێت کە عیسای مەسیح خوداوەندە، بۆ شکۆی خودای باوک!

لە وانەی داهاتوو بزانین چۆن خودا ڕۆحی پیرۆزی نارد بۆ ئەوەی لەناو دڵی هەموو کەسێك بژێت کە عیسای مەسیح وەك پەروەردگار و ڕزگاری دەری وەربگرێ.

خودا بەرەکەتدارت بکات کاتێ ئەوەت بەبیر دێتەوە کە دوو فریشتەکان بە قوتابییەکانی فەرموو، (ئەم عیسایە، کە لەنێوانتاندا بۆ ئاسمان بەرزکرایەوە، چۆن بینیتان دەچووە ئاسمان، ئاواش دێتەوە.) (کرداری نێردراوان ١: ١١)



## گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. عیسا چی بە قوتابییەکانی فەرموو؟

٢. بۆچی عیسا فەرمووی هەموو دەسەڵاتێکی هەیە لە ئاسمان و لەسەر زەوی؟

٣. ئەگەر عیسا پەروەردگاری هەموو شتێکە، بۆچی هێشتا جیهانمان پڕە لە کێشە و گوناه؟

٤. ئایا ڕێگای پێ دەدەی شانشینی خۆی دابمەزرێنێ لەناو دڵت؟

٥. دەزانی ئەمڕۆ پەروەردگار عیسا لە کوێیە؟

٦. هەموو بەندە ڕاستەقینەکانی خودا مل کەچی پەروەردگار عیسای مەسیحن. ئەی تۆ؟ ئایا تۆش ملکەچی عیسای مەسیح بووی، ئەوەی لەلایەن خودا هەڵبژێردرا وەك ڕزگاری دەر و دادوەری جیهان؟

٧. ئایا ئامادەیی بۆ کاتی گەڕانەوەی؟

**ڕێگای ڕاست و دروستی:**

**وەرزی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز**

(٢٠١٦)

Old Testament, Sorani (Draft), International Bible Society, 2005, 2009, 2011; Psalms, Biblica, 2013
Kurdish New Testament, International Bible Society, 1998; Biblica, 2011

ئەم خوێندنەوە لە {***The Way of Righteousness*** by Paul Bramson, 1998} بەخەش کراوەتە.

بەرهەم هێنەر: کۆمەڵەی ڕێگای ڕاستودروستی

rrd2011@yahoo.com www.rrdk.org